سەماحەتی حەکیم چاوی بە جێنشینی پادشای سعوودیە کەوت و باسی چارەسەری قەیرانی یەمەن و گەڕاندنەوەی سووریا و گەڕانەوەی پەیوەندییەکانی ئیران و تارانی کرد

لەسەردانێکی ئەمەزانیدا بە میرنشینی عەرەبی سعوودی بەڕێز عەمار حەکیم سەرۆکی ئەوەتی حیکمەی نیشتمانی لە ڕۆژی شەممە بەرواری 15-4-2023 چاوی بە شازادە محەمەد بن سەلمان جێنشینی پادشای سعوودیە و سەرکی ئەنجومەنی نوێنەرانی وڵاتەکە کەوت، سەرتا هەردوو لا پیرۆزبایی مانگی ڕەمەزان و نزیکبوونەوەی جژنی ڕەمەزانیان لێیکتر کرد و هیوایان خواست هەردوو گەلی عەراقی و سعوودی لە خۆشی و درەوشانەوە و پێشکەوتن و ئاشتی و ئاسایشدا بژین.

هەردوورلا بەچوونەکانیان سەبارەت بە دۆخی سیاسی عەراق و ناوچەکە و پەیوەندییە دووقۆڵییەکانی بەغدا وەیازیان ئاوگەڵ کرد، سەماحەتی حەکیم پشتگیری خۆی بە هەر هەنگاوێك دەربڕی کە دەبێتە هۆی ئاوەی توندو تیژی و شەڕ لە یەمەن بوەستێت و ئەو وڵاتە پێگەی خۆی لەسەر ئاستی عەرەبی و ناوچەکە وەربگرێتەوە، هەروەها بەڕێز حەکیم دەخۆشی خۆی پیشاندا بەرامبەر ئەو هەنگاوانەی ئەستا لە ئارادا هەیە بە ئەوەی سووریا پێگەی خۆی وەربگرێتەوە و لە لووتکەی عەرەبی داهاتووش کورسی تایبەت بە خۆی هەبێت و جەختیشی کردەوە لەسەر ئەوەی ئەو پێشکەوتنەی لەسەر ئاستی پەیوەندییە دیپلۆماتییەکانی نێوان سعوودیە و ئێران بەدی هاتوە کاریگەری ئەرێنی و تیشکدانەوەی باشی لەسەر ڕەوشی هەموو ناوچەکە دەبێت، هەورەها زمانی ناوەندگیری و لێکتێگەیشتن و گفتووگۆی لێنەوان نێیارەکانی ناوچەکەی بە گەیشتن بە دیدێکی هاوبەش بەووی پەیوەندییەکان بە بەرز نرخاند.

سەماحەتی لە درێژەی قسەکانی نیگەرانی خۆی بەرامبەر دەخە خراپەکانی ئەستای سوودان دەربڕی و هیوای خواست قەیرانەکە لەڕێگای گفتوگۆ و لێك تێگەیشتن لە نێوان لایەنە ناکۆکەکان چارەسەر بکرێت.
لەسەر ئاستی عەراق، سەماحەتی ڕوونیکردەوە کە عەراق ئەم ماوەیە چەندین دەستکەوتی گرنگی لەسەر ئاستی سیاسی و کەمەڵایەتی و ئەمنی و خزمەتگوزاری بەخێوەو بینیوە، ئەوەش دەگەڕێتەوە بە هاوپەیمانێتی لە بەڕێوەبردنی دەوڵەت و پالپشتی کردنی، هەروەها باشبوونی ڕەوشی کەمەڵایەتی دوای تێکشکاندنی تیرۆر و لەدەستدانی داعش کەمەڵایەتییەکانی، جگە لەوەش بەرزبوونەوەی نرخەکانی نەوت ڕۆڵی خۆی گەڕا لەوەی باری دارایی حکومەت باشتر بێت بە ئەوەی خزمەتگوزاری باشتر پێشکەش بە هاوڵاتاین بکات و هەلی کار دابین بکات و دووپاتیشی کردەوە کە هاوکاری کردن زۆر گرنگە لە ڕووبەڕووبوونەوە هاوبەشەکان و بابەتی گەڕانی کەش و هەوا، داواشی کرد هەماهەنگی زیاتر هەبێت لە بوارەکانی توژینەوە و زانستی و هەنگاوە پراکتیکییەکان لەم بارەیەوە.